### یەکەم جارە گۆرانییەکی کوردی ئەم خەڵاتە بەدەست بهێنێت

# ئالین بە گۆرانی (وڵات) خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێی (الاغنیة الملتزمة)ی لەمەغریب بەدەستهێنا

**وڵات یەکێکە لە گۆرانییە سەرکەوتووەکانی خانمە گۆرانیبێژی رۆژئاوای کوردستان (ئالین)، کە توانیی خەڵاتی یەکەم لە پێشبڕکێی (الاغنیة الملتزمة) ببیاتەوە کە لە شاری (فاس)ی شانشینی مەغریب ساز کرا بوو لەلایەن ژمارەیەک رێکخراوی هونەری و رۆشنبیری ناسراوی وڵاتی مەغریب و بە سەرپەرشتی هونەرمەندی ناسراوی مەغریبی ئەمازیغی ناسراو (سەعیدە فکری) بوو .**

لەم پێشبڕکێیەدا (٦٠) گۆرانی لە وڵاتە جیاجیاکان بەشدار بوون و لە کۆتاییدا گۆرانی (وڵات)ی ئالین خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێنا، ئەمەش یەکەم جارە گۆرانییەکی کوردی خەڵاتێکی گەورەی لەم جۆرە لە وڵاتی مەغریب بەدەست دەهێنێت.

ئالین لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان رایگەیاند، وەك بەرهەمەکانی پێشووی ئەم خەڵاتە پێشکەش بە هێزی پێشمەرگە دەکات کە لەهەموو لایەکەوە دژی تیرۆریستانی داعش وەستانەوەو توانییان بە گیانفیدایی و قوربانیدانیان خاکی وڵات لە تیرۆریستان بپارێزن و ئەو ناوچانەی کە دوژمن دەستی بەسەرداگرتبوون، رزگاری بکەنەوە.

خانمە هونەرمەند ئالین، بەر لە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان، ژمارەیەك سروودی نیشتمانی پێشکەش بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە، لەوانە (ئەی فەلەك، پێشمەرگە، وڵات، چیا بەفر و دومانە) بەم دواییەش سروودێکی دیکەی بە هەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانی بڵاوکردەوە وەك دیاری و وەفایەك بۆ وڵاتی ئەڵمانیا لە بری ئەو هاوکارییە سەربازییە و پشتگیریکردنی بەردەوام لە پێشمەرگە پێشکەشی وڵاتی گەل و حکومەتی ئەڵمانیای کرد، لەم بارەیەوە ئالین دەڵێ: بەر لەوەی تیرۆریستانی داعش هێرش بکەنە سەر کوردستان، من وەك ئەرکێکی سەرشانی خۆم بە چەند سروودێکی نیشتمانی پشتیوانی خۆم بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕی. پەیامی من لەم کارە هونەرییە نیشتمانییە بریتییە لە یەکڕیزیی کورد لە هەموو پارچەکان، چونکە دوژمنان لە هەموو لایەکەوە دەوریان داوین و هەوڵی نانەوەی دووبەرەکی نێوانمان دەدەن، بۆیە من وەك کوردێك داوای ئاشتی و برایەتی و یەکێتی نێوان رۆڵەکانی کوردستان دەکەم، چونکە تەنیا بە تەبایی و یەکڕیزی بە ئامانجەکانمان دەگەین.

ئالین کە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە بەر لە هێرشی تیرۆریستانی بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان، نامەیەکی ئاراستەی ئەنگێلا مێرکلی راوێژکاری ئەڵمانیا کردو تێیدا داوای کرد ئەڵمانیا پشتیوانی لە کورد بکات و داعشی بە دوژمنی مرۆڤایەتی وەسف کرد، لە هەمان کاتدا هۆشداریی دا بۆ مەترسی داعش کە بگاتە ئەوروپا و هەڕەشە لە ئاسایشی ئەوروپا بەگشتی بکات، لە هەمان کاتدا پرۆژەیەکی هونەریشی ئامادە کرد بۆ پشتیوانیکردن لەپێشمەرگە و وەك سوپاسگوزارییەك بۆ گەل و حکومەتی ئەڵمانیا بەرامبەر بەو هاوکارییانەی پێشکەش بە گەلی



کوردستانیان کردووە لە شەڕی داعش، ئەم پرۆژە هونەرییەش بریتی بوو لە گۆرانی (یەکێتیا کوردان)، لە وەڵامی نامەکەی (ئالین)دا رۆژی ٢٠١٥/٠٨/١٩ لە نامەیەکدا خاتوو مێرکل پشتگیریی خۆی بۆ پرۆژەکەی دەربڕی، لە نامەکەیدا دکتۆرە ئەنگێلا مێرکل دەڵێ: (پرۆژەکەتان کە تێیدا مەترسییەکانی داعشتان لەسەر جیهان دیاری کردبوو، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبوو، لە هەمان کاتدا وای دەبینم کە خەبات هونەری و هونەرمەندان لەسەر ئەم مەسەلەیە مایەی شانازییەو گرنگییەکی تایبەتی و شەخسی لەلای من هەیە، چونکە هونەرمەندان لە پەیامەکەیاندا داوا لە گەنجە موسڵمانەکان دەکەن لە تیرۆر و تیرۆریستان دوور بکەونەوە و لە تیرۆر رزگاریان دەکات، چونکە ئێستا خەریکە تیرۆر دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی لە سەدەی بیست و یەکەم، لە هەمان کاتدا وەك ئاماژەتان پێکردووە هەرەشەیە لەسەر جیهان بە گشتی و بەشێوەیەکی دڕندانە چەندین کەس لە گەنج و پیر و ئافرەت و منداڵ دەبنە قوربانی. من پشتیوانی تەواوی پرۆژە هونەرییەکەتان و پرۆژەکانی داهاتووشت دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم)، هەروەها جگە لە مێرکل پرۆفیسۆر مۆنیکا کرۆتیرۆس وەزیری رۆشنبیری وراگەیاندنی ئەڵمانیا بەشێوەیەکی فەرمی پشتیوانی خۆی بۆ پرۆژە هونەرییەکەی ئالین دەربڕی، و ف. زیل وتەبێژی فەرمی حکومەتی ئەڵمانیا لە رۆژی ٢٠١٥/٠٨/١٣ ستایشی ئەم پرۆژە هونەرییە هاوبەشەیان کرد.

شایەنی باسە گۆرانی (وڵات) کە لە تێکستی شاعیری ناسراوی کورد (ئەدیب چەلکی)یە، باس لە خۆشەویستیی وڵات و ئەو تراژیدیا و کارەساتانە دەکات کە بەسەر میللەتەکەماندا هاتوون لە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەوە تا دەگاتە کارەساتی داگیرکردنی شنگال لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە. رۆژی ٢٠١٦/١٠/٢٣ لە ئاهەنگێکی گەورە کە بەبونەی کۆتاییهاتنی پێشبڕکێیەکە لە شاری فاس ساز کرا بە ئامادەبوونی چەندین کەسایەتی هونەری و رۆشنبیر و نووسەرانی چەندین وڵات خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێیەکە لە رێگای کونسوڵی گشتی عێراق لە مەغریب پێشکەش بە خانمە هونەرمەند (ئالین) کرا.



## ساندی:
# تەقلیدی کارداشیان ناکەم

ساندی یەکێکە لەو کچە ئەکتەر و میدیاکارانەی وڵاتی تونس کە توانیویەتی لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی و بەتایبەتی لە میسر و لوبنان زیاتر بدرەوشێتەوەو لەچەندین کاری هونەری جیاجیا رۆڵی هەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر جار وەك هۆکار بۆ سەرکەوتنی لە کارەکانی، بە پشتبەستن بەورووژاندن و بەزاندنی سنوورەکان تۆمەتبار دەکرێت.

دەربارەی ئەو بەرنامانەی کە پێشکەشی کردوون و بە سەرکەوتووی دەزانێت ساندی دەڵێ: من و ئیناسی خوشکم هەستمان کرد کە جەماوەر حەزدەکات ئاگاداری وردەکارییەکانی ژیانمان بێت، بۆیە بەرنامەیەکمان پێشکەش کرد بە ناوی (The Sisters) لە جۆری بەرنامەکانی واقعە کە لە کەناڵەکانی ئەمریکا نمایش دەکرێت، زۆر کەس پێیانوا بوو ئێمە تەقلیدی کیم کارداشیان دەکەین، بەڵام ئەمە دوورە لە راستییەوە، چونکە ئێمە شانازیی بە ژیانی خۆمانەوە دەکەین و بە ئازادی دەژین و هیچ شتێك نییە کە بۆمان مایەی شەرمەزاری بێت. لەهەمان کاتدا هیچ هەڵەیەکمان نەکردووە کە دژی دابونەریتەکانی کۆمەڵگەکەمان بێت، تەنیا یەك جیاوازیمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە راست و چەوت لە یەکتری جیادەکەینەوە.

دەربارەی ئەو کارانەی کە پەشیمانە لێیان ساندی دەڵێ: من لە هیچ کارێك پەشیمان نیم کە بەشداریم تێیدا کردبێت، چونکە هەر کارێك قەناعەتم پێی نەبێت، زوو رەتی دەکەمەوە.



# هەزال گەنجێکی ئێرانی دایە دادگا

بەم دواییە گەنجێکی ئێرانی بە ناوی یەزدان کەریمی کە لە تورکیا دەخوێنێت، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و بێزارکەر خۆشەویستی خۆی بۆ کچە ئەکتەری تورکی هەزال کایا دەربڕی، بە جۆرێك هەموو سنوورەکانی بڕی بوو، بۆیە ناچاری کرد لە دادگا داوایەك دژی بەرز بکاتەوە و داوای دوورخستنەوەی لە تورکیا کرد.
سەرەتا دادگای تورکی بڕیاریدا کە کەریمی بۆ ماوە پێنج ساڵ زیندانی بکرێت، بەڵام دواتر لە ڕێگای پارێزەرێکی تایبەتەوە داوای کرد سزاکەی کەم بکرێتەوە، بەڵام پارێزەری هەزال ئەمەی ڕەت کردەوە، کەریمیی تەمەن ٢٧ ساڵ وەك شێتێك کەوتۆتە داوی هەزالەوە، بۆیە بەردەوام گوڵ و دیاری بۆ دەنارد لە شوێنی وێنەگرتن و لە نامەکانیدا بە (خۆشەویستەکەم، هاوسەرەکەم، ڕۆحەکەم) وەسفی دەکردو جگە لە چەندین وتەی دیکەی هاوشێوە، لە هەمان کاتدا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد بوو، ئەگەر چاوی پێی نەکەوێت.
ئەوەی جێگای سەرنج بوو کەریمی لە لێکۆڵینەوەکاندا ئەمانەی ڕەت نەکردەوە، بەڵکو وتی: من دان بەوەدا دەنێم کە دیاریم بۆی ناردووە، بەڵام نەچوومەتە ماڵی و بە تەنیا نەمبینیوە، چونکە خۆشم دەوێ و لە ئێستاوە ئامادەم ژیانی هاوسەریی لەگەڵدا پێکبهێنم.



# شایلین بەشداری لە شۆڕشی پاراستنی ژینگەدا دەکات

چەند وێنەیەکی کچە ئەکتەری ناسراوی ئەمریکی شایلین وودلی لە ویب سایتێکی هونەری جیهانی ناسراو بڵاوبۆوە لەکاتی سەرکردایەتیکردنی نارەزایی و خۆنیشاندانەکانی ڕۆژی ٢٣ی مانگی رابردوو کە لە ئەمریکا بە شۆڕشی ژینگە ناسراوە.
ئەم جارەیان چەند ئەکتەرێکی دیکەش یاوەری شایلینیان دەکرد، لەوانە جادین سمێسی کوڕی ئەستێرەی سینەمایی وێل سمێس کە پشتگیری لە بیرۆکەی نەهێشتنی ئەو جۆرە ماددانە دەکات کە زیان بە زەوی دەگەیەنن، هەروەها هەر یەکە لە سۆزان ساراندۆنی خاوەنی خەڵاتی ئۆسکار و مارك رافالۆ کە ئەوانیش بە چالاکوانانی بواری ژینگەپارێزی ناسراون.
پێشتر شایلین لەلایەن پۆلیسی ویلایەتی داکۆتا دەستگیر کرابوو لەکاتی قسەکردنی بۆ زیاتر لە ٢٠٠ کەس کە بەشداری خۆنیشاندانێکیان کردبوو کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگای فەیسبوك لایف دەگوازرایەوە دژی کێشانی بۆڕییەك کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، دوای دەستگیرکردنی پۆلیس ڕایگەیاند کە شایلین یەکێکە لەو ٢٧ کەسەی دەستگیر کرابوون بەتۆمەتی پێشێلکردنی مافی موڵکی خەڵکی، بەڵام دواتر ئازادکران.



### ئیسماعیل خەیات:

# رەخنەی شێوەکاری هەر بوونی نییە

ئیسماعیل خەیات لەساڵی (١٩٤٤) لە خانەقین لەدایک بووەو خانەی مامۆستایانی بەعقوبەی تەوا کردووە و ئەندامە لە کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراق و کۆمەڵەی شێوەکارانی جیهان (I.A.A).بەشداری زیاتر لە شەست پێشانگای هاوبەشی لە (شارەکانی کوردستان، بەغدا، سووریا، ئەردەن، رووسیا، ئەوروپای رۆژهەڵات، کۆریای باشوور، ژاپۆن، فەرەنسا، سوید، نەمسا، سویسرا، دانیمارک، ئەمریکا و ئەڵمانیا) کردووەو ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە لە بواری شێوەکارییدا کاردەکات و دەیان پێشەنگای شێوەکاری لەدەرەوەو ناوخۆی کوردستان کردووەتەوە، خاوەن رێچکەیەکی هونەری شێوەکاری تایبەت بەخۆیەتی و چالاکی هەبووە لە بواری دیکۆرکێشان، هێڵکاری و دیزاینی نێو کتێب و رۆژنامەو گۆڤارەکان، بەنیازە بەم زووانە لە وڵاتی هەنگاریا وۆرکشۆپێک بکاتەوە بۆ چۆنیەتی نەخش ونیگارکردنی سەر بەرد.

سەبارەت بەوەی کە ئایا دوای تەمەنێکی زۆر لەگەڵ فڵچە و بۆیاغ، هەست بە ماندووبوون ناکات، ئیسماعیل خەیات دەڵێت: هەرچەندە ئێستا تەمەنێکی زۆرم بەسەربردووە، بەڵام گڕوهێزم لە جاران باشترەو هەموو جار هەستدەکەم زۆر پێویستیم بە وێنەکێشانە، چونکە وا هەستدەکەم وەکو گەنجێك وێنە دەکێشم و بەدوای شتە تازەکاندا دەگەڕێم، بەو تەمەنەوە زیاتر لەجاران کار دەکەم، عەشقم بۆ هونەر گەورەتر بووە، بەهیوام ئەوەم ئەم تەمەنەم درێژەی هەبێت، تا بتوانم بەرهەمی باشتر پێشکەش بە گەل و وڵاتەکەم بکەم .

هونەری شێوەکاری کوردی ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ ژانرە هونەرییەکانی دیکە وەکو پێویست پێشڤەچوونی بەخۆیەوە نەبینیوە ئەمەش رەنگە لەبەر تایبەتمەندی ئەم هونەرە بێت، سەبارەت بەم پرسە ئاستی هونەری شێوەکاری کوردی لە نێو هونەری وڵاتان دەڵێت:هونەری شێوەکاری کوردی رۆڵێکی هەیە، هەندێکیان لەئاستێکی باشدان و هەندێ جاریش تێکەڵکردنێك دروست دەبێت لەلایەن ئەو هونەرمەندە باشانەوە، بەڵام بزاڤی رەخنەی شێوەکاری هەر بوونی نییە، بەڵام دەکرێت هیوامان بەوە بێت هونەری هونەرمەندە باشەکان هەر پێشکەوێت و کاریگەری باشیان هەبێ لەسەر نەوەی دوای خۆیان، مێژووی هونەری شێوەکاری زۆر کورتە، ئەگەر بەراوردێکی پێ بکەین لەگەڵ ئەو وڵاتە پێشکەوتووانە، بەڵام هیوام زۆر بەهونەری شێوەکاری کوردی هەیە وەکو ئێستا هەندێ هونەرمەند ئاستی هونەرییان زۆر باشە و هیوام وایە باشترین و جوانترین و بەرزترین گوزارشت لەخاکەکەیان بکەن.

ئافرەت و کێشەکانی و گوزارشتکردن لەخەمەکانی ئافرەتی کورد هەمیشە بابەتێکی گرنگی نێو هونەری شێوەکاری کوردی بووە، دەربارەی پێگە و گرنگی ئافرەت لە کارەکانیدا دەڵێت ئیسماعیل خەیات دەڵێت:ئافرەت تاکو ئێستا پانتاییەکی زۆر داگیر کردووە لە کارە هونەریەکانم، ئەو سەردەمەی کە بە سەردەمی زێڕینی کارە هێڵکارییەکانم بوو ئافرەت بەشێوەیەکی رەمزی و تەعبیری لە هەندێك لە کارەکانمدا دەردەکەوت و لە ساڵی ١٩٧٥ کە ئەو کات پێیان دەگوت ساڵی ئافرەتانی جیهانی، چونکە کۆنگرەیەکی جیهانی لەو ساڵەدا ئەنجامدار، من ئەو کات پیشانگایەکی تایبەتم لە زانکۆی سلێمانی بەو بۆنەیە ساز کرد، ئەمەش بەڵگەی ئەوەی کە وێنەکێشانی ئافرەت وەك شتێکی سەرەکی جێگای خۆی کردبۆوە لە کارە هونەرییەکانمدا، دوای ئەو و پێش ئەویش ئافرەت هەر زیندوو بووە لەکارەکانی مندا، بەڵام دوای ساڵانی نەوەدەکان و تا ٢٠٠٠ زۆر بە چڕی و بەردەوام شێوەی وەکو رەمز بەکار دەهێنم وەکو دایك، خوشك، خۆشەویست، هاوسەر، واتە وەك بابەتێکی جوان و زۆر گرنگ لەم دنیایە پانتاییەکی زۆر زۆر گەورەتری داگیرکردووە لە هونەرەکەم، ئەوەی کارە تازەکانم ببینێت زۆر بە روونی هەست دەکات کە وێنەی ئافرەت دەردەکەوێت، هەندێك جار ئەم وێنەیە تێکەڵ دەکەم لەگەڵ شێوەی جەستە و رەنگ و رووی ئافرەت، لەگەڵ سروشت و شاخ و چیاکان، هەندێك جاریش تێکەڵی دەکەم بە بابەتی ماسی و باڵندە و بگرە مۆسیقاش، هەوڵ دەدەم بە تێکەڵکردنی ئەم بابەتانە هارمۆنیك دروست بکەم و لە هونەرەکەمدا دەرکەوێت.

هونەری شێوەکاری وێنەکێشان و بەشەکانی دیکەش هونەرێکی بێ سنوورن، زمانێکە هەموو مرۆڤێك تام و چێژی لێوەردەگرێت، هەموو مرۆڤێك تێڕامانی هەیە بۆ ئەم بەرهەمە، لەبەر ئەوە زۆر جار هونەری شێوەکاری وێنە هەموو چاوێکی دنیا دەخوێنێتەوە، ئەگەر زانیاری هەبێت لەسەر خاك و مێژووی ئەو وڵاتانە، هونەر دەرگای کراوەیە بۆ هەموو مرۆڤێك، بۆ نموونە وەکو ئەدەب نییە ئەگەر یەکێك زمانی ئەدەب نەزانێت ئەو چێژە وەرناگرێت، بە هەر حاڵ من تاقیکردنەوەیەکم هەبووە، شتم نمایش کردوە و کاریگەری خۆی هەبووە وێڕای جیاوازی نەژاد و نەتەوە و جوگرافیا.

خۆشەویستی نێوان هونەری شێوەکاری و ئیسماعیل خەیات بێ سنورە لە بارەیەوە دەڵێ: هەڵبەتە ئەوەی من کاری لە سەر دەکەم، بەفڵچە و رەنگ و قەڵەمەکانیش هەمووی کەرەستەیەکی زۆر پیرۆزن، بەشێکن لەژیانی من، رۆژ بە رۆژیش بیرۆکەی تازەم بۆ دێت، هەمیشە هونەرمەندی باش دەتوانێ بابەتی باش بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوە من وا هەستدەکەم لە دنیای وێنەکێشان، هەموو هونەرمەندە باشەکان هیوا و ئاواتیان لە بن نایە، لەبەر ئەوە منیش وەکو هونەرمەندێکی کورد ئاواتم زۆرە، بە هیوام هونەرمەندانی کوردیش هەروا بن و لە رووی تەکنیکەوە بەرەو پێش بچن ببن بە مایەی شانازی بۆ گەلی کورد.

من لە کارەکانمدا هەرگیز تێنوویەتیم ناشکێت و بە بەردەوامی خەیاڵم بۆ شتی باشتر دەچێت، وەك رۆژانە پێویستیم بەئاوە، ئاواش بە حەسرەتی کارکردنم، بە هیواشم تا ئێستا توانیبێتم شتێکی باشم کردبێت.

**بە هیوام هونەرمەندانی کوردیش هەروا بن و لە رووی تەکنیکەوە بەرەو پێش بچن ببن بە مایەی شانازی بۆ گەلی کورد**